**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە ١٣٩٤٦ لە ٢٠٢٢/٦/٢٨**

**بەیانی ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٢٢**
**هێنانە کایەی ناحیەی (خانکێ)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ماددەی(٢٦) (بڕگەی یەکەم) لە یاسای پارێزگاکانی هەرێم ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموار کراو ، و ئاماژە بە فەرمانی هەرێمی ژمارە (١١٨) لە ٢٠٢٢/٤/٢٦ و فەرمانی سەرۆك وەزیران ژمارە (١٦٣٩) لە ٢٠٢٢/٦/١٣ ودوا بەدوای نووسراومان ژمارە (٥٤٧٦) لە ٢٠٢٢/٣/٢ سەبارەت بە هێنانەکایەی ناحیەی (خانکێ) ونووسراوی پارێزگای دهۆک ژمارە (٨٦٢) لە ٢٠٢٢/٢/٩ وبڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠١٦ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا :

**یەکەم:** هێنانەکایەی ناحیەی (**خانکێ**) سەر بە قەزای (سێمێل) لە سنوری پارێزگای دهۆک بەپێی نەخشەی هاوپێچی نووسراوەکانی سەرەوەمان

**دووەم:** ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و بڵاودەکرێتەوە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە ١٤١٧١ لە ٢٠٢٢/٦/٢٩**

**بەیانی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٢٢**
**هەمواری یەکەمی بەیانی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٩ تایبەت بەسزای بەسەرچوونی مۆڵەتی شۆفێری**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە مادده (٣) بڕگە (١) لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و دوابەدوای بەیانی وەزارەتمان تایبەت بە سزای بەسەر چوونی مۆڵەتی شوفێری ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٩ کە لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان ژمارە (٢٤٤) لە رێکەوتی (٢٠١٩/١٢/١٧) بڵاوکراوەتەوە ، و ئاماژە بە نووسراوی بەرێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ ژمارە (٥٤٣٢)لە ٢٠٢٢/٢/٢٧ وله بەربەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە دەرچواندنی ئەم بەیانەی خوارەوە :

**ماددەی** (١) **:** هە مواركردنی ماددەی (١) لە بەیانی ژمارە ١١ی ساڵی ٢٠١٩ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە.

**ماددەی (١) :** سزای پێبژاردن (غرامة) ی بەسەرچوونی مۆڵەتی شوفێری بەپێی ساڵ وەردەگیرێت لە دوای بەسەر چوونی مۆڵەتەکە و بڕی (٢٠,٠٠٠ ) تەنیا بیست هە زار دینار وەردەگیرێت بۆ هەر ساڵێکی دواکەوتن

**ماددەی** (٢) **:** ئەم بەیانەلە رۆژی بڵاو کردنەوەی لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان کاری پێدەکرێت .

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**